

# میهرەبانی (میهرەبان) منداڵێک لەسەرگەردانی رزگار دەکات

ئا: ئاسک سەعید- سلێمانی

روانینی مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەی خۆی بەردەوام روانینەکانی رەهەندی جیاواز لەخۆدەگرن، بەتایبەت دروستکردنی پێگەیەك بۆ ئاسودەبوونی، ئەو پێگەیەش بۆ رەگەزی مێ سەخترە بەتایبەت لەکۆمەڵگەی کوردیدا، بێگومان ئەمەش لەبێ متمانەیی و ترسەوە دروست دەبێت. لەرێکەوتنێکدا ئەگەر ئەو دوو رەگەزە یەکتر بناسن،رەگەزی مێ قورستر وەریدەگرێت تا رەگەزی نێر.لەچارەنوسی ژیانی (میهرەبان)دا دەبینین کە رێکەوت بۆ ئەم رێکەوتێکی باش بووە بەڵام چارەنوسی ژیان چەندین نهێنی لەخۆیدا حەشار دابوو وەك خۆی بۆمان باس دەکات، هەمیشە ئافرەت لەگێرانەوەی ژیانیدا وردتر باس دەکات ئارەزووش دەکات بە نهێنی ژیان کەسانی دەوروبەریش زیاتر ئاشنا بێ، ئەمەش لەروانگەی دەروونناسییەوە بەکارێکی پۆزەتیڤ دادەنرێت، میهرەبان دەڵێت:

ناسینی من و رزگار دەتوانم بڵێم ناسینێکی رێکەوت و لەهەمان کاتدا خۆشەویستیش بووە، لەبەرئەوەی من فەرمانبەربووم لەیەکێك لەفەرمانگەکان و رۆژانە نەمدەتوانی لەکاتی دیاریکراودا لەفەرمانگەکەمان ئامادەبم، ئەمە تەنها کێشەی من نەبوو، زۆربەی کچە فەرمانبەرەکانی تر هەمان گرفتیان هەبوو، رۆژێك لە فەرمانگە دانیشت بووین بیرمان لەوە دەکردەوە کە تەکسییەك بگرین بۆ هاتووچۆکردنی خۆمان، بۆ ئەمەش برِیارماندا هەریەك لەلای خۆیەوە هەوڵبدات شۆفێرێکی باش و رێکوپێك پەیدا بکات. پاش تێپەربوونی دوو رۆژ بەسەر ئەم مەسەلەیەدا (تریفە)ی هاورێمان شۆفێرێکی تەکسی کە رۆژانە لەنزیك ماڵی خۆیانەوە دەوەستا پەیداکردوو پێی گووتین کە کەسێکی باشی دۆزیوەتەوە و دەتوانێت هاتووچۆمان پێ بکات و هەموو رۆژێك لەکاتی دیاری کراودا بمانگەیەنێتە فەرمانگەو بەهەمان شێوەش لەکاتی تەواوبوونی دەوامدا بمانباتەوە بۆ ماڵەوە.

تریفە پێی گوتین بۆ کارئاسانی هاتوچۆکردنمان بەیانیان لەپێش هەموومان‌دا (رزگار) دەچێت بەشوێنی (میهرەبان)داو دواتر دێت بەشوێن ئێمەدا. بۆ رۆژی یەکەم کاتژمێر(٨:٠٠) بوو کە (رزگار) هات بەشوێنمدا و چووین بۆ دەوام. ئەم هاتووچۆیە بەردەوام بوو رۆژانە لەدوای هەموویان من دەگەیشتمە ماڵەوە ئەم حاڵەتەش رێکەوتێکی باش بوو بۆئەوەی زیاتر فرسەت بە من و رزگار بدات تا زیاتر بەیەکەوە قسە بکەین و یەکتر بناسین. رزگار رۆژانە چەندین پرسیاری تایبەتی لێدەکردم تا زیاتر لێم نزیك بێتەوە، منیش نکۆڵی لەوە ناکەم کە رزگارم بەدڵ نەبوویێت و حەزم نەکردبێت لەیەکتر نزیك ببینەوە، لەزۆرکاتدا من خۆم حەزم دەکرد زیاتر قسە بکەین بەیەکەوە، چونکە رزگار کورێکی جوان بوو، تا بڵێی سەرنج راکێش بوو هەر ئەمە وایلێکردم حەزبکەم ئەگەر داوام لێ بکات پەسەندی بکەم، تەواو خۆشەویستی رزگار لەلام دروست ببوو تەنانەت حەزم دەکرد رۆژانی هەینی و شەممە دەوام هەبێت، تا رۆژی یەك شەممە دەچوومەوە بۆ دەوام تەواو بیرم دەکرد.

**رزگار رۆژێك ئەوەی درکاند کە بەنیازە بێتە داوام و پێی گووتم (شۆخان) نیازی کارێکی لەو چەشنەم هەیە نازانم بۆچوونی تۆ چۆن دەبێت؟ منیش زۆرم پێم خۆش بوو گووتم بزانم چۆن دەبێت باپرس و رایەکی ماڵەوە وەربگرم دواتر وەڵامت دەدەمەوە. کاتێك ئەم پرسەم لای ماڵەوە باس کرد بەتایبەت دایکم، هیچ کامیان وەڵامی ئەرێیان نەدامەوە گووتیان تۆخۆت دەزانی کورِی مامت بەنیازی کارێکی لەو جۆرەیە ئیتر تۆ چۆن برِیاری هاوسەرگیریت لەگەڵ کەسێکی تر داوە؟ لەکاتێکدا کە زانیم نەبراکانم و نەخوشك و نەدایکم بە باوکم ناڵێن، بۆیە خۆم ناچاربووم پێی بڵێم! باوکم گووتی میهرەبان کچم ئەو کورِە باش دەناسیت و کێیە؟ منیش روونکردنەوەی تەواوم پێدا، ئەوەی چاوەرِێم نەدەکرد ئەوەبوو باوکم بڵێ باشە کچم ئێمەش پرسیاری تەواوەتیت بۆ

دەکەین و دواتر وەڵامیان دەدەینەوە. دوای پرسیارکردن و راوێژکردنی خۆمان بۆمان دەرکەوت بنەماڵەی (رزگار) بنەماڵەیەکی خانەدان و رێکوپێکن و رازی بووین بەم هاوسەرگیرییە. هەرچەندە دەترسام باوکم پەشیمان بێتەوە، چونکە کوڕە مامەکەم زۆر هاتوچۆی دەکردین، راستە برازای باوکم بوو بەڵام هیچ بەدڵی نەبوو، کوڕێکی عاقڵ و کاسب نەبوو، بەهەرحاڵ دوای داواکردن و بڕاندنەوەی ئەو مەسەلەیە لەلایەن ماڵی ئێمەو رزگارەوە، پرۆسەکەمان پێکهێناو و چوینە ماڵ و حاڵی خۆمانەوە.

**دوای تێپەربوونی (٣) ساڵ**

دوای تێپەربوونی سێ ساڵ بەسەر هاوسەرگیرییەکەماندا رۆژێك من و رزگار گرفتێکمان نەبوو تا شایەنی ئەوە بێ باسی بکەم، هەتا بڵێی ژیانمان خۆش بوو، هیچ کارێکمان بەبێ پرس و رای یەکتر ئەنجام نەداوە، هاوڕێکانم هەمیشە پێیان دەگوتین خۆزگەم بەژیانتان بەراستی نمونەی خێزانی بەختەوەرن. رزگار ماڵی پورێکی لەشاری هەڵەبجە دەژیان هەمیشە دەچوین بۆ ماڵیان، کوڕی پووری ژنی هێنا و ئێمەشیان بۆ ئاهەنگەکەی بانگهێشت کرد، کاتێك خۆمان ئامادەکردو چوین بۆ شاری هەڵەبجە بەداخەوە لەرێگەدا بەهۆی خێرایی لێخوڕینی رزگارەوە ئۆتۆمبێلەکەی لەرێگەدا بۆ کۆنترۆڵ نەکراو وەرگەڕا. لەو وەرگەڕانەدا بارودۆخی تەندروستیم زۆر خراپ بوو، قاچێکم شکاو دواتریش توشی فەقەرات بووم تا ئێستاش هەر بەو دەردەوە دەناڵێنم.

**بێوەفایی رزگار**

لەو وەرگەڕانەدا رزگار سەلامەتربوو لەمن، تەنها سەری بریندارببوو، بەڵام من و کچەکەم وەزعمان خراپ بوو، پاش ماوەیەك کچەکەم و رزگار چاك بوونەوە، بەڵام فەقەراتم ئازاری زۆری پێگەیشتبوو. بێگومان بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی کاروباری ماڵ بکەم و خزمەتی ماڵ و مێردی خۆم وەك پێویست بکەم هەتا دوو سێ مانگیش هەر ماڵی باوکم و خەسوم ئیشی ماڵیان بۆ دەکردم، بەڵام دواتر ئەوانیش کەمتر دەهاتن، چونکە ماڵیان نزیك نەبوو لە ئێمەوە، بەهەرحاڵ ناچاربووم داوای خانەنشینی بکەم، لەدائیرەکەم و بەهۆی خراپی تەندروستیمەوە لیژنەی پزیشکی بڕیاریان بۆ دام. رزگار زۆر هاوکاری دەکردم و کاری ناوماڵی بۆ جێبەجێ دەکردم .کاتێك ماڵی پوری رزگار زانییان وەزعم ئەوەندە خراپە پوری رزگار گووتبووی کچەکەی خۆمان دەنێرین بۆ ماڵتان بۆ یارمەتیدانی میهرەبان تا کارەکانی بۆ بکات، من ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبووم تا رۆژێك زانیم(سروە) هات بۆ ماڵمان و پێی گووتم کە هاتووە بۆئەوەی ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە هاریکاریم بکات تاچاك دەبیتەوە. سروە بۆماوەی (٤)چوار مانگ لەماڵمان بوو دوای ئەوە، رۆژێك خەسووم پێی گووتم رۆڵە تۆ کەی چاك دەبیتەوە؟ ناکرێت کچێکی ئەوا گەنج و جوان لەماڵتان بێت و ئیشتان بۆ بکات، دکتۆر هیچی پێنەوتوویت ؟منیش گووتم نەوەڵا هیچی پێنەگتووم. بەرزگارم گووت کە بچین لەلای ماڵی باوکم یان خەسوم خانوویەك بگرین و بۆئەوەی سروە بڕواتەوە، چونکە ناکرێت ئەو کچە هەر لێرە بێت. سەرەتا رزگار ئەمەی بەدڵ نەبوو، بەڵام من بێ ئاگام کە رزگار لەژێرەوە هەموو کارێکی جێبەجێ کردووە، دڵی نەشکاندم لەنزیك ماڵی باوکمەوە خانووی بۆ گرتم، تا رۆژێك رزگار گووتی شۆخان میهرەبانی کۆمپانیایەك پێی گووتووم بۆکاری شۆفێری بەڵام پێویست دەکات شەوانە بمێنمەوە چونکە پرۆژەکانیان لەدەرەوەی شارە، خۆت دەزانی بژێوی ژیان سەختەو فریاناکەوین. لەم کارەی رزگار گومانێکم کرد بەڵام هەرزوو پەشیمان بوومەوە . گووتم چۆنت پێ باشە وابکە.

بێگومان بەبێ ئاگایی من رزگار سروەی مارەکردبوو، بەبێئەوەی ماڵی باوکیشم بزانن رۆژێك چووبوون بۆ هەڵەبجەو هەموو کارێکیان تەواو کردبوو، تەنانەت درۆی لەگەڵ مندا کردبوو هەرلەسلێمانی بوو هیچ کارێکی تری نەگرتبوو بەڵام **شەوانە دەچوو بۆلای سروەو دوو سێ رۆژ جارێك سەردانی ئێمەی دەکرد، بەم رەفتارەی رزگار من هەستم بەشتێك کردبوو بەڵام باوەڕم نەدەکرد.**

**ئاشکرابوونی رزگار**

نیوەڕۆ بوو خەریکی نان خواردن بووین، لەوکاتەدا لەدەرگادرا رزگار چوو دەرگا بکاتەوە، لەهەمان کاتدا زەنگی مۆبایلەکەی رزگار لێیدا، بەکچەکەمم گووت ئەو مۆبایلەم بداتێ سەیرم کرد لەسەر مۆبایلەکەی نوسرابوو سرووە بەلامەوە سەیر بوو لەوکاتەدا رزگار هاتە ژوورەوە و مۆبایلکەی لێوەرگرتم و رۆیشتە دەرەوە و قسەی لەگەڵدا کرد، من هیچم پێ نەگوت و بێدەنگ بووم. لەدوای نان خواردن رزگار گووتی کەمێك دەخەوم، پاش ماوەیەك نامەیەکی بۆهات هەرچۆنێك بێت هەستام و سەیری مۆبایلەکەم کرد بینیم سروەیە نامەی بۆ ناردووە و تێدا نوسیویەتی( زوو وەرەوە ئیشم پێتە) بەڕاستی تووشی شۆك بووم یەکسەر هاوارم کردو رزگارم خەبەرکردەوە گووتم رزگار ئەم نامەیە چیە؟ یەعنی چی سروە ئیشی پێتە؟ رزگار زۆر بەهێمنی پێی گووتم خۆت بێ عەقڵ مەکە من و سروە ژن و مێردو هاوسەری یەکترین!!!

**دوابڕیار**

دوای ئەوەی رزگار بەراشکاوی بە میهرەبانی گووت ژنێکی تری هێناوە و لەگەڵ کەسێکی تردا دەژی، میهرەبان بڕیارێکی کتوپڕ دەدات ئەویش جیابوونەوەیە بەڵام وەك میهرەبان دەڵێت ((ئەم مەسەلەیەم گەیاندە ماڵی باوکم و خەسوم ئەوانیش پشتگیری منیان کرد، بەڵام زیاتر داکۆکیان لەسەر ئەوە کردەوە لەو بڕیارە پەشیمان ببمەوە لەبەرئەوەی تەندروستیم باش نییە و، هەروەها لەبەر کچەکەشم بۆئەوەی سەرگەردان نەبێت، ناچاربووم وەك هەموو ژنێکی تری ئەم کۆمەڵگەیە لەبەر قسەی خەڵك و منداڵەکەم لەبریارەکەم پەشیمان ببمەوە))، رزگار بەڵێنی ئەوەی پێدام هیچ جیاوازییەك لەنێوانماندا نەکات و بیانووی ژنهێنانی بۆئەوەی گەڕاندەوە تەندروسیتی من خراپە و ناتوانم وەك پێویست ئیشی ماڵ بکەم، دانی بەوەشدانا چۆن بیری لەوە کردۆتەوە سروە داوا بکات، ئەو ماوەیەی لەماڵماندا بووە بۆی روون بۆتەوە کە کچێکی چۆنە لەرووی ئاکارەوە و دەتوانێت ببێتە تەواوکەری ژیانی بەبێئەوەی گوێ بداتە ئەو خۆشەویستییەی لەنێوانماندا هەبوو، بەڵام هەموو بەڵێنەکانی رزگار تەنها لەو ساتەدا جێبەجێکران کە بەمنی دا لەدوایدا بەوشێوەیە نەبوو.

●●●

**لەرێگەی هەڵەبجەدا بەهۆی خێرا لێخوڕینەوە ئۆتۆمبێلەکەمان وەرگەڕا، من باری تەندروستیم تەواو تێکچوو، قاچێکم شکاو تووشی فەقەرات بووم**

●●●

●●●

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: خۆڕاگری میهرەبان لە مەسەلەیەکی ئاوادا شتێکی ئاسان نییە، ئەمە ئاماژەیە بۆ سۆزی دایکایەتی و میهرەبانی بۆ منداڵەکە**

●●●

**خاتوو( کەژاڵ عبدالقادر)ی توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: خۆڕاگری میهرەبان و هاوشێوەی میهرەبان لەمەسەلەیەکی ئاوەدا کارێکی ئاسان نییە بەتایبەت لەرووداوێکدا توشی ئەو حاڵەتە بووە، ئەمە ئاماژەکردنێکە بۆ راگرتنی سۆزی دایکایەتی میهرەبان بۆ منداڵەکەی و کەسوکاری خۆی و هاوسەرەکەی لەکاتێکدا وەفای هاوسەرەکەی بەو شێوەیە بووە، کە بۆی باس کردین، من هەمیشە دەڵێم ئافەرین بۆ ئەو ئافرەتەی بەو شێوە رەفتار دەکات، ئەگەر پێشتر بۆچوونی میهرەبانی وەربگرتایە لەوانەیە بەشێوەیەکی تر مەسەلەکە رووی بدایە، بەڵام لەبەرئەوەی بەنهێنی ئەم کارەی ئەنجامی داوە من پێموایە سەرکەوتوو نابێت. بێگومان کۆمەڵگەش لەئاستێکی جیاوازتردا سەیری ئەمجۆرە مرۆڤانە دەکات و لەپلەیەکی تردا ئەژماریان دەکات.**



# کوڕێکی نمەک

**ژن و مێرد نەیاندەهێشت شەماڵ لە هیچ شتێک بێ بەش بێت، ناردیانە قوتابخانە و بەناز وفیز بە خێویان دەکرد و خەرجیان دەکێشا.**

## دۆزینەوەی منداڵێك

بەیانییەکی زووی ڕۆژێکی زستان بوو، کاتێك(نوری) بەرەو نانەواخانەکەی گەڕەکەیان دەڕۆیشت بۆ کڕینی نان و ماستی ئەو بەیانییەیان، کە لەسەری کۆڵانەکەیان، گوێی لە دەنگی نووساوی منداڵێکی ساوا بوو کە بەو سەرمایە و بەو بەیانییە زووە لە ناو قۆنداغێکدا پێچرابوو و لەبن دیواری خانوویەك فڕێ درابوو( نوری) بەرەو لای دەنگەکە ڕۆیشت و چاوی دەگێڕا بزانێ سەرچاوەی دەنگەکە لە کام لایە و بۆچی بەم بەیانییە دەنگی ئەو منداڵە دێت، هەندێك گەڕا و دیقەتی ئەو لاو ئەملای خۆی داو وردە وردە لە دەنگەکە نزیك دەبۆوە کە لە پڕ منداڵێکی ساوای بە قۆنداغ پێچراوی بینی گەیشتە لای منداڵەکە و سەیرێکی کرد و هەر لە خۆیەوە خۆی بۆ نووشتاندەوە و هەڵیگرتەوە کابرا زۆری پێ سەیر بوو، لە خۆی پرسی باشە ئەو منداڵە چ دەکات لێرە ؟ دەبێ کێ بێ و بۆچی لێرە دانراوە، چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و هیچی نەبینی و کەسیش لەم ناوە نەبوو، بڕیاریدا لە دەرگای ئەو ماڵە بدات کە منداڵەکە لەبن دیواری خانووەکەیان فڕێ درابوو، لە دەرگای داو دوای دوو خولەکێك ئافرەتێك بە چاوی خەواڵووەوە دەرگای کردەوە و سەیری کابرای کرد کە بەخۆی و منداڵێکی ساواوە لە پێش دەرگاکەیان ڕاوەستاوە، ژنە هێشتا هەر سەیریانی دەکرد کە(نوری) لێی پرسی: ئەرێ خوشکێ ئەو منداڵە هی ئێوە نییە؟ ژنەکەش هەندێك لە کابرا و لە منداڵەکەش ڕاماو پرسیارەکەی پێ سەیر بوو..(نوری) دیسان لێی پرسییەوە ئەمجارە، ژنەکە سەیرێکی تری منداڵەکەی کردەوە و گوتی: نەخێر نەوەڵڵا بۆچی؟

(نوری)یش پێی گوت ئەم بەیانییە کاتێك بەرەو نانەواخانەکە گوێی لە دەنگی گریانی بووە و بینییوویەتی و هەڵگرتۆتەوە، ئەوان لەو قسانەدابوون کە مێردی ژنەکەش هاتە دەرەوە، پاشان لە دەرگای ماڵەکانی تر درا و پاش پرسیار و وەڵام لەم و لەو، ئاخیریەکەی دەرکەوت کە منداڵەکە فڕێ دراوە.

پاش کاتژمێرێك پرسیار و گفتوگۆی خەڵکەکە(نوری) بڕیاریدا منداڵەکە بەخێو بکات و بیباتەوە ، بەڵام خەڵکەکە پێشنیاریان بۆی کرد کە سەرەتا وا باشە بچێ پۆلیسی ئاگادار بکاتەوە ئینجا هەڵیگرێتەوە و بەخێوی بکات.

ئەوەبوو (نوری) منداڵەکەی بردەوە و حاڵ و مەسەلەی بە دوور و درێژی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە، ژنەکەشی پێی گوت: (نوری) وەڵڵا خودا ئێمەی خۆشدەوێت بۆیە ئەو منداڵەشی بە دیاری بۆ ناردووین، پێم خۆشە بەخێوی بکەین و بیکەینە منداڵی خۆمان، دوای ئەو قسانە ژنەکەی(نوری) کە ناوی(فەوزیە) بوو، قۆنداغەکەی کردەوە(نوری)یشی نارد قوتوویێك شیر و مەمك مژەی بۆبێنێ و تا ئەو هاتەوە(فەوزیە) منداڵەکەی باش گەرم کردەوە و هەندێك قەنداویشی دایێ و منداڵەکە کڕوکپ بوو و تا(نوری) هاتەوە خەویشی لێکەوت.

(فەوزیە) ژەمە شیرێکی بۆ گرتەوە و ئامادەیکرد کە لە خەو هەڵسێت بیداتێ، ئینجا پێکەوە چوونە بنکەی پۆلیس و مەسەلەکەیان گێڕایەوە، پاش یەك دوو ڕۆژ هاتوچۆکردنی بنکەی پۆلیس، منداڵەکەیان کردە هی خۆیان و بەخێویان کرد و ناویشیان نا(شەماڵ).

## جحێڵ بوونی(شەماڵ) و ئەنجامدانی تاوانە قێزەونەکە

(نوری و فەوزیە) ماوەی چوار ساڵ بوو ژن و مێرد بوون و منداڵیشیان نەبوو، ماوەیەکی زۆر سەردانی ئەو پزیشك و ئەم پزیشکیان دەکرد، بەڵکو منداڵێکیان ببێت بەڵام بێ سوود بوو، پزیشکەکان دەیانگوت کە (نوری) ساغ و سەلیمە بەڵام عەیب و هۆی منداڵ نەبوونەکەی لەوە، ئەو سپێرمی زۆر لاوازە و بەختی منداڵبوونی تابڵێی کزە، بۆیە بە هەڵگرتنەوەی منداڵێك هەردوولا دڵیان خۆشبوو، ئیتر منداڵەکەیان وەکو جگەر گۆشەی خۆیان بێت وایان بەخێودەکرد، ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی (شەماڵ) وردە وردە گەورە دەبوو، تا گەیشتە قۆناغی چوونە قوتابخانە و ناردیانە قوتابخانە، ژن و مێرد نەیاندەهێشت (شەماڵ) لە هیچ شتێك بێبەش بێت، بەو پەڕی



# حەرام

نــاز و فیزەوە بەخێویان دەکرد و خەرجیان دەکێشـا، بەتایبەتی کە(نوری) پیاوێکــی دەوڵەمەند و هەبوونیش بوو،(شــەماڵ) قۆناغی ســەرەتایی تەواوکرد، بــەڵام لەو ماوەیەدا زانی کە ئــەو هەڵگیراوەتەوە و (نوری و فەوزیە) دایکی راستەقینەی خۆی نین.

ئــەم حەقیقەتە وەکو ئاگر هەناوی دەســووتاند و قەت لە بیری نەدەکرد، بەتایبەتیش شــەوان کاتی خەوتنی، دوای ســاڵانێك (شەماڵ) گەیشتە پۆلــی شەشــەمی دواناوەندی، بەڵام کــە لە قۆناغی شەشــەدا بوو، رێکەوتــی هەندێك برادەری خراپی کــرد، ئەوانیش بەتایبەتی برادەرێکی کە ناوی(شــێرکۆ) بوو، هەموو جارێك بەمەبەســت یاف بی و مەبەست برینی دەکولاندەوە، رۆژێك(شێرکۆ) بە (شەماڵ)ی گوت: ئەرێ تۆ کە تا ئێستاش دایك و باوکی راستەقینەت دیار نییە و هەموو خەڵکیش دەزانن کە(نــوری و فەوزیە) دایك و باوکی تۆ نین و ئەگەر بشــمرن هەروا بێ خاوەن دەمێنیتەوە و سەروەت و سامانیان بۆ تۆ نابێ، بۆچی نایەیت پێکەوە بچینە ئەوروپا؟(شەماڵ)ش پێ گوت: کورە ئاخیر بەچی بچمە ئەوروپا، کوا پارەی ئەوروپا، لــە کۆیی پەیدا بکەم، وەڵڵا ئەو دایك و باوکەم زۆر باشن بۆم، بەڵام بەخوای پارەی چوونە ئەوروپام نادەنێ.

(شــێرکۆ) ش پێی دەڵێ: کورە هەی بەدبەخت، (نوری) چ زۆرە پارە و ســامانی زۆرە، هەروا (فەوزیە)یش نیو تەنەکە زێڕی هەیە، باشە ئەوانە ئەو ســەروەت و ســامانەیان بۆ چییە... بۆ نایە بیانکوژی و بە پارەکە پێکەوە بچینە ئەوروپا؟(شەماڵ) بە بیستنی وشەی(بیانکوژە) راچڵەکی و تاسا، بە (شێرکۆ)ی گوت:

کوشــتنی چی ؟ وەڵڵا دەســتم ناچێتە شــتی وا، بەڵام بەخوا زۆر حەز دەکەم، پارە و زێڕەکەیان بکەوێتە بەردەســتم، بەڵام بە کوشتن نا، شتی وام پێناکرێ.(شــێرکۆ)پێ گوت: ئەوجا ئەوە ئاسانە بەخۆت مەیانکوژە من برادەرێك دەناســم سەری بۆ ئەو کارانە دێشێ، حەز دەکەین بەو دەڵێین، با ئــەو کارەکە بکات و ئێمەش یارمەتی دەدەین، و پاشــان هەندێك پارەی دەدەینێ و بۆ خۆشمان بۆی دەردەچین، ئەوەی پشتگیرێ، هەر ئەو کەســە دەگیرێ کە کردارەکەی کردووە نەك ئێمە، چەند هەفتەیەك ئــەو دوانە بەردەوام دەبــن لە لێکدانەوەی ئەو مەســەلەیە و دانای نەخشەی جێبەجێکردنی، دواجار لە دانانی نەخشەکە دەبنەوە و دەست بەجێبەجێکردنی دەکەن و لەگەڵ برادەرە پیاوە کوژەکەی (شێرکۆ)ش، چەند جارێك دادەنیشن و تاوتووێ مەسەلەکە دەکەن و ئینجا هەنگاو هەڵدەگرن بۆ جێبەجێکردنی، نەخشەکەش وا دادەنێن، پێش نووستن (شــەماڵ) حەبی خەو لە ناو شــەربەت بــکات و بەهەر رێگەیەك بێت دەرخواردی(نــوری و فەوزیە) یان بدات تا خەویان لێدەکەوێت، ئینجا(شــێرکۆ) و برادەکەشی بێن و ئەو برادەریان بە تەورو داس، لە ســەری(نوری و فەوزیە) بدات و لە ناو خەو بیانکوژێت و ئەوانیش پــارە و زێڕەکان کۆ بکەنەوە و بۆی دەرچن، شــەوی جێبەجێکردنی پیلانەکە(شەماڵ) هەنگاوەکانی نەخشەکە جێبەجێ دەکات و (نوری و فەوزیە) دەکەونە ناو خەو(شێرکۆ)ش برادەرەکەی دێنێ و بەخۆوە بە تەور و داسەوە ژن و مێرد(فەوزیە و نوری) کەلەپاچە دەکات و لە ناوجێ دەیانکوژێت، کە تاوانەکە تەواو دەکات(شــێرکۆ) بڕە پارەیەك دەداتــە کابرای بکوژ و بۆی دەردەچێ، هەردووکیان دەچنە ئۆتێلێك و بڕیار دەدەن ســێ و چوار شەو لەو هۆتێلە بمێننەوە هەم بۆ ئەوەی بزانێ مەسەلەکە چۆن ئاشــکرا دەبێ و بەسەر کێدا ساغ دەبێتەوە ، هەمیش لە میانی ئەو یەك دوو رۆژەدا بتوانن زێڕەکان بفرۆشــن و بۆی دەرچن، ئیتر دەچنە هۆتێلێك و (شێرکۆ) بە(شەماڵ) دەڵێ با پارەکە لەلای خاوەنی ئۆتێل دابنێین تا دەچینە بازاڕ و مامەڵەی زێڕ دەکەین و لە نرخەکەی دەپرســین ئەویش بیرۆکەکەی پێ باش دەبێ، کە لە هۆتێلەکە دادەبەزن، زێڕەکان، بە ئەمانەت لەلای خاوەن هۆتێل بەجێ دێڵن، کابرای خاوەن هۆتێل هەڵســوکەوتی ئەو دووانەی زۆر پێ سەیر دەبێ و نیمچە گومانێکیان لێ دەکات، بەڵام سەرەتا بڕیار دەدات ژێر بە ژێر چاودێریان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش شاگردێکی وریــا و زرنگی خۆی رادەســپێرێ کە ئەوان لــە هۆتێل دادەبەزن، شــاگردەکەی بە دوایاندا دەنێرێ، تا نیــوەڕۆ بە دوایاندا دەبێ، کە خاوەن هۆتێل لە زاری شــاگردەکەیەوە دەزانێ ئەوانە مەبەستیانە ئەو زێڕە بفرۆشن بڕیاری دەدات بە دزییەوە پەیوەندی بەبەشی نەهێشتنی تاوانەوە بــکات، ئەوانیش کە گوێ لە قســەکانی خاوەن هۆتێلەکە دەگــرن، تیمێك رێکدەخەن و لە کاتی فرۆشــتنی زێــڕەکان لە ناو دوکانی زێڕینگەرەکە دەســتگیریان دەکەن و کابرای خاوەن دوکانیش لەگەڵ خۆیان دەبەن.

**دانپیانان**

(شەماڵ) کە دەستگیر دەکرێ بەرچاوی تاریك دەبێ و دەموودەست بەردەبێتەوە سەر زەوی و لە هۆش خۆی دەچێ، کارمەندانی نەهێشتنی تاوان هەڵیدەگرنەوە و هەندێ ئاوی پێدادەکەن تا بەخۆدێتەوە و دواتر دەیبەنە بنکە و لەوێش لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دان بە ورد و دارشتنی تاوانەکــە دادەنێ و پاشان(شــێرکۆ) ش هەروا، پــاش لێکۆڵینەوە دۆسییەکەی رەوانەی لای دادوەر دەکرێت و بڕیاری دەستگیرکردنی هەموو ئەو تاوانبارانە دەدات کە دەستیان لە تاوانەکەدا هەبوو، دوای دوو رۆژ مانــەوە لــە بەندیخانە شەوێك(شــەماڵ) بڕیاری خۆی دەدات، ئیتر بە بەهانەی چوونە ئاودەســت هۆڵی گرتن بەجێ دێڵێ و خۆی لە گەرماوی بەندیخانە توند دەکات و لەشی خۆی هەموو تەڕ دەکات و وایەرێکی پلاکــی کارەبا دەردێنێ و خۆی بەکارەباوە دەکات و تەزووی کارەباش دەموودەست دەیکوژێت.

●●●

**پاش دەستگیرکردنی (شەماڵ) لە هۆش خۆی دەچێ، کارمەندانی نەهێشتنی تاوان هەڵیدەگرنەوە و دەیبەنە بنکەی پۆلیس لەوێ لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دان بە ورد و درشتی تاوانەکە دادەنێ**

●●●

# تاوانبارێکی بە ئەزموون دەکەوێتە تەڵەی پۆلیسەوە

## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

### تەڵەکەبازییەکی سەیر

سێ جار و چوارجار و زیاتر دزی کردن، (فەیسەڵ)ی وایلێکردبوو تاوانبارێکی بەئەزموونی لێ دەربچێت، بۆیە کە چووبووە سەر ماڵی مام (سوارە)ی دەوڵەمەند و تەنیا، بەهرەی لە ئەزموونەکانی پێشتری وەرگرتبوو، بێ ئەوەی خۆی شێلوبکات، لە دەرگاکەی دا و بانگی مام (سوارە)ی کرد و وەك کەسێك کە لەمێژە دەیناسێت خۆی رەپێش کرد(بەم ئێوارە درەنگە ئەو لە دەرگادانە چییە؟) ئەوە ئەو قسەیەبوو کە مام(سوارە) لەدڵی خۆیدا کردی و دەرگاکەی کردەوە.

فەرمووی لەو کەسە کرد کە لە دەرگاکەی دابوو، کەسێکی گەنج و نیمچە رەشتاڵەی لاواز، بەڵام بە سەروسیمای رادیاربوو، کە کەسێکی لات و نابەرپرسیار دیاربوو، کوڕە رەشتاڵەکە خۆی پێناساند و پێ گوت: ببورە مام سوارە بەم ئێوارە درەنگەوە جارسم کردی، بەڵام چی بکەم لەبەر ئەوەی ئەمانەتێکم پێیە هەردەبوو ئەمڕۆکە پێشت راگەیەنم، من و کوڕەکەت (فاروق) پێکەوە لە دەرەوەی وڵاتین و لەیەك شاردا دەژین، پێش ئەوەی بێمەوە گوتی: کە چوویتەوە سەرێك لە باوکم بدە و بڕۆ ماڵمان و بای ئەوەندە زێڕ بکڕە و پارەکەشی لێوەرگرە، پاشان بەخۆم دێمەوە پارەکەی دەدەمەوە، من کە هاتمەوە زۆر بەپەلە بووم، بۆیە (فاروق) فریای ئەوە نەکەوت پارەی ئەو زێڕانەم بدات، من خۆم لێرە کڕیومە، دیارە بەتەمایە ژن بێنێت.. کە ئەو قسانەی کرد، مام (سوارە) دەرفەتی پێنەدا قسەکانی تری تەواو بکات و پێی گوت: دەوەرە ژووری کوڕم وەرە ژووری، یاخوا بەخێربێی، بەڕاستی هەر وامزانیوە (فاروق) خۆی هاتۆتەوە.

ئەدی باشە بۆچی خۆی نەهاتەوە، بۆ بەخۆی لێرە زێڕەکانی نەکڕی و ئەو زەحمەتەی بە بەرتۆدا؟ (فەیسەڵ) گوتی: وەڵڵا مام (سوارە) راستییەکەی بە تەمابوو، بەخۆی پێش منیش بێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڤیزەکەی درەنگ کەوت، بۆیە دواکەوت، ئەوجا ئەمن و ئەو چ جیاوازییەکمان هەیە و حساب کە منیش کوڕی تۆم، گرنگ ئەوەیە ئەمانەتەکەم لەگەڵ خۆم هێناوە... ئەو لەبەر ئەو پەلەپەلییە دەرفەتی ئەوەی نەبوو بچێتە بانك و پارەی خۆی راکێشێ داوای لەمن کرد بای دوو دەفتەر دۆلار زێڕی عەیار بیست ویەك بکڕم و لەگەڵ خۆم بیهێنم و بیدەمە دەست جەنابت و گوتیشی پارەکەی لە بابم وەربگرە و ئەوەش وەسڵەکانیەتی.

مام (سوارە) کە چاوی بە وەسڵەکان کەوت ئەوپەڕی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و لە دڵی خۆیدا گوتی: تۆ وەرە بزانە بەو تەمەنە گەنجییەوە ئەوەندە ساغڵەم و راست وراستگۆبی، هەی



**مام(سوارە) چووە ژوورێکی تر، هێندەی پێنەچوو بەخۆو دوو دەفتەر دۆلار هاتەوە و گەلەک منەتباری(فەیسەڵ) بوو و پارەکەشی لەمست نا**

سەد رەحمەت لەو شیرەی کە پێتدراوە مرۆڤ، ئینجا سەیرێکی وەسڵەکانی کرد دیتی هەمووی بە وردی نووسراوە و مسقاڵ و عەیار و جۆری زێڕەکە و نرخەکەی زۆر بە روونی و بە جوانی تێیدا دیاریکراوە و ئیمزای خاوەن دوکانەکەش واتە زێڕینگەرەکە و ختمیشی لەسەرە (فەیسەڵ)یش کە دیتی وا بە دەموچاوێکی گەشەوە بێ ئەوەی بای گەردێکیش گومان بکات سەیری نووسینەکانی سەر وەسڵەکە دەکات دڵی خۆش بوو، مام (سوارە) سەیری ژمارەی مۆبایلەکەشی کرد کە لەسەر وەسڵەکە نووسرابوو.

دەستی دایە مۆبایلەکەی خۆی و بە (فەیسەڵ)ی گوت: ئەوە ژمارە مۆبایلەکەشی لەسەرە، با تەلەفۆنێکی بۆ بکەم و سوپاسگوزاری بکەم کە ئەم پارچە زێڕە باشانەی داونەتێ.. راستییەکەی مام (سوارە) هەم بۆ ئەوەی بوو بەیەکجارەکی و بەرەهایی لە زێڕەکان و وەسڵەکەش دڵنیا بێت هەمیش سوپاسی بکات، بەڵام کە ژمارەکەی لێیدا تەلەفۆنەکە داخرابوو، مام(سوارە) ئاورێکی لە (فەیسەڵ) دایەوە و ویستی قسەیەك بکات، بەڵام (فەیسەڵ) زوو لێ هاتە دەست و گوتی: مام (سوارە) راستییەکەی ئەو زێڕینگەرە ئەمڕۆ تازییەی هەیە و باوکی ئەمری خودای کردووە، من دوێنێ پێش نیوەڕۆ ئەم زێڕانەم لێ کڕی، جاکە مامەڵەکەمان تەواو بوو، من زێڕەکانم لێی وەرگرت و پارەکەشم دایێ، خەریك بوو دەڕۆیشتم، زەنگی مۆبایلی بۆهات و قسەیەکی کرد و رەنگ ورووی شێوا و شپرزە بوو، ئەوانەی لەوێ بوون، هەستیان بەم شێوانە کرد و گوتیان کاکە چی بووە واتێکچووی؟ گوتی: لەماڵەوە هەواڵیان پێدام کە بچمەوە باوکم مردووە، خەڵکەکەی ئەوێش دەستییان کرد بە ناردنی رەحمەت و دڵنەوایی کردنی کاکی زێڕینگەر، جا بەخۆی رۆیشت و بە شاگردەکەشی گوت: کڕیارەکان بەڕێ بکە و پاشان دوکانەکە دابخە، بەخوا نازانم تازەییەکەشی لە کوێیە دەنا دەچوومە تازییەکەش.. مام (سوارە) تۆزێك راما و ئەوجا بە (فەیسەڵ)ی گوت: بریا مزگەوتەکەت پێ بزانیبایە، پێکەوە دەچووینە مزگەوت بۆ فاتیحە خوێندن.

پاش هەندێك دەمودووی تر مام (سوارە) داوای روخسەتی لە (فەیسەڵ) کرد و چووە ژوورێکی تر، هێندەی پێنەچوو بەخۆ وبەدوو دەفتەر دۆلار هاتەوە و گەلەك منەتباری (فەیسەڵ) بوو و پارەکەشی لەمست نا، کە (فەیسەڵ) پارەکەی لەمست نرا لەخۆشیان خەریکبوو باڵ بگرێت، بەهەر شێوەیەك بێت داوای رووخسەتی لە مام (سوارە) کرد و خواحافیزی لێکرد و لێیدا دەرچوو.

## دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆ

ئەمانە هەموو قسەی ئەو ئەفسەرە بەڕێزە بوو، کە بەرپرسی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵ (فەیسەڵ) بوو و رووداوەکەی سەرلەبەر بۆ گێڕاینەوە، لەمەڕ تەڵەکەبازییەکانی تری (فەیسەڵ) و چۆنیەتی دەستگیرکردنی، ئەفسەرەکە درێژە بە گێڕانەوەکەی دا و گوتی: راستییەکەی (فەیسەڵ) ساختەچی و تەڵەکەبازێکی وریابوو، بۆیە چەندین کەسی تری لە خشتە بردبوو، رۆژێك دەچێتە لای مامۆستایەکی ئینگلیزی و کۆمەڵێك پرسیاری لێدەکات و داوای لێدەکات بۆی بکاتە ئینگلیزی و فێریشی بکات کە چۆن بیانخوێنێتەوە و لە بەریان بکات.

قسەکانیشی وەکو ئەمانە بوون، ئەرێ تۆ ئێستا لەکوێی و چی دەکەی ئایا ئێستاش هەر لەلەندەن دادەنیشی، کاروکاسبیت چۆنە و... ئینجا لە شێوەی پرسیار و وەڵام رێکی خستبوو ولەگەڵ برادەرێکی رێککەوتبوو کە هەردووکیان لەبەری بکەن و بە ئینگلیزی بە مۆبایل قسەلەگەڵ یەك بکەن، برادەرەکەشی گوتبووی ئەوانەت بۆچییە؟ ئەویش گوتبوی کەگوایە لە پێش کچێك قسە دەکات و بۆ ئەوەی تا تۆزێك خۆی لەبەردەم هەڵکێشی و پێی گوتبوو کە کچەکەم دیت زەنگت بۆ لێدەدەم و من بە ئینگلیزی پرسیارت لێدەکەم و تۆش بە ئینگلیزی وەڵامم بدەوە، جا سەرەتا هەندێك پێکەوە پرۆڤەیان کردبوو تا چاك لەبەریان کردبوو، بەڵام برادەرکەی نەیدەزانی (فەیسەڵ) مەبەستی چییە، ئەوە بوو دەچێتە نووسینگەیەکی پارەگۆڕینەوە و کۆمپانیای گەشتوگوزار و لەوێ زەنگەکە لێدەدات و بە زمانی ئینگلیزی ئەو چەند رستەیەیان کە لەبەرکردبوو قسەیان پێکرد و پاشان چووە لای خەزنەدارەکە و پێی گوت: کاکە ئەوە براکەم بوو لە بەریتانیایە، وا پاوەندم بۆ دەنێرێ و نزیکەی (١٠)هەزار پاوەند دەبێت و تۆ بزانە ئەوەندە بەدۆلار دەکاتە چەند؟ ئەویش بۆی حیساب دەکات و دەڵێ ئەوەندە دۆلارەیە، جا پێی دەڵێ دە کاکە پارەکەم بدەرێ و تەلەفۆن بۆ براکەم دەکەم بۆ نووسینگەکەتان تەحویل بکات، ئەویش بێ سێ ودوو پارەکەی دەداتێ دووبارە سیناریۆی تەلەفۆنەکە دەست پێدەکاتەوە و کابراش چاوەڕێی تەلەفۆنی براکەی دەکات تا بڵێ وا ناردم و نووسینگەکەشیان هەواڵیان پێبدات کە وەریانگرت.

دوای پێنج خولەك داوا لە کابرای خەزنەدار دەکات کە ئیزنی بدات بچێتە ئاودەست ئەویش ئیزنی دەدا و لەو دەمەش خەزنەدارەکە بەشتێك خەریك دەبێ و ئاگای لە (فەیسلەڵ) نامێنێ، (فەیسەڵ)یش کە بەتیلەی چاو وەك بازێك کە چاوی لەسەر نێچیرەکەی بێ، چاوی دەخاتە سەر جوڵە و ئاگای خەزنەدارەکە و کە دەرفەت وەردەگرێ یەکسەر تێی دەتەقێنێ و لە نووسینگەکە دەردەپەڕێ و لە چاو تروکانێکدا ون دەبێت.

### دەستگیرکردن

کەمام (سوارە) بەیانی دوای تەلەفۆنکردنی لەگەڵ کوڕەکەی بۆی دەردەکەوێت لە خشتەبراوە، یەکسەر دەچێتە بنکەی پۆلیس و داوای یاسایی تۆمار دەکات، نووسینگەکەش بە هەمان شێوە، بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی دەستگیرکردنی (فەیسەڵ) ئەفسەرەکە بەم شێوەیەی باسی دەکات و دەڵێ: (فەیسەڵ) بەهۆی ئەوی دەیویست هەمان شت لە کۆمپانیایەکی تر دووبارە بکاتەوە خاوەنی کۆمپانیاکە گومانی لێدەکات و بێ ئەوەی (فەیسەڵ) پێی بزانێ ئاگاداری پۆلیس دەکاتەوە و ئەوانیش دێن و دەستگیری دەکەن.

بەرێکەوتیش دەردەکەوێ کە ئەو هەواڵی ساختەکارییەی کە لە دژی کەسێکی نەناسراو تۆمارکراوە لەگەڵ کردەوەکەی (فەیسەڵ) لێك نزیکن، ئەو رێپدراوەی کە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو داوام لێکرد بە وردی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات با لێکۆڵینەوە (١٠) کاتژمێریش بخایەنێ، رێپێدراوەکە کابرایەکی زۆر بە ئەزموون بوو، هەروەها (فەیسەڵ)یش تەڵەکەبازێکی بە ئەزموون بوو، بەڵام بەهەرحاڵ پاش(٣)کاتژمێر بە قسەهێنان و پرسیار لێکردن، رێپێدراوەکە هاتە لام گوتی: گەورەم زۆر گومانم لێی هەیە بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان لەدژی نییە و زمانیشی هەڵناخلیسکێ، گوتم: برۆ لە ژوورێکی تەنیا بەندی بکە و تا نیوەڕۆش دەرگای لێمەکەوە و پێی بڵێ کە خۆی دانی پێدابنێ باشترە، نەوەکو بە زەبری لێدان تاوانەکانی پێ بدرکێنین، ئینجا داوام کرد کە ئەو دۆسییەم بۆ بێنن کە سکاڵا لە دژی کەسێکی نەناسراو تۆمار کراوە و سەیری ناو و ناونیشان و ژمارە مۆبایلی کابرای سکاڵاکارم کرد و یەکسەر، پەیوەندیم پێوەکرد کە بێتە بنکەی پۆلیس، کە هات گوتم: ئەگەر ئەو کەسەی کە فێڵی لێکردووی ببینی دەیناسییەوە گوتی: ئەرێ وەڵڵا هەند چاك دەیناسمەوە وەکو چاوی خۆم بێ وایە، بەبێ دوودڵی و گومان دەیناسم، کاکە نیو کاتژمێر زیاتر قسەی لەگەڵ کردم و ئەو وەسڵەشی داومەتێ، بانگی رێپێدراوی لێکۆڵینەوەم کرد و گوتم: ئەو پیاوە ببە ژوورێکی تر و لەپشت پەنجەرەی ژوورەکە و ئەو گومانلێکراوەش بهێنە دەرەوە و بیهێنە لای من و ئەو پیاوەش لە ژوورەکە با بە نهێنی سەیری بکات و پاشان بیبەوە ژوورەکە و دەرگای لەسەر داخە، رێپێدراوەکە وایکرد و کابرا چاك ناسییەوە و بە رێپدراوەکەی گوت: ئەرێ وەڵڵا ئەوە خۆیەتی دوو دەفتەری بە فێڵ لێساندووم، گەڕاندمانەوە ژووری خۆی، تەلەفۆنم بۆ ئەو ژمارەیە کرد لەسەر وەسڵەکەی بوو گوایە خاوەن دوکانی زێڕینگەرەکەیە، کەچی وەڵام نەبوو، ناردم بە شوێنی کابرای زێڕینگەر و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت، وەسڵەکە و ئیمزا و ختمەکەش هی ئەو نییە و تەزویر کراوە، هەموو ئەو بەڵگانەم کۆکردەوە و ئامادەم کردن و بانگی کابرای تەڵەکەبازم کرد و گوتم: بۆ دواجار پێت دەڵێم چیت کردووە باسی بکە، گوتی: هیچم نەکردووە و ئەوانەش کە دەیڵێی هیچی راست نین و من هیچیانم نەکردووە: گوتم: باشە بڕۆن با ئەو پیاوە بێت کە ناوی مام (سوارە)یە، کە (فەیسەڵ) چاوی پێکەوت رەنگی گۆڕا و لێوی لەرزی و وورەی بەردان ئیتر منیش دامنیشاند و داوای چایەکم بۆکرد و پەرداخێك ئاویشم دایە دەست و قوڕگی تەڕکرد، دوای یەك دوو خولەك گوتی: ئامادەم هەرچیم کردووە دانی پێدانێم.

**کە چاوی بەو کابرایە کەوت، رەنگی گۆڕا و لێوی لەرزی و ورەی بەردا، دوای دوو خولەک گوتی، دان بەهەموو شتێک دادەنێم**



# داوایەکی سەیری تەڵاق!!

## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

که نۆرەی کێشەی ژمارە(١٠٤٤)، هات، پاسەوانەکەی بەر دەرگای دادگا بانگی کرد:
(هەڵکـــەوت عەزیز و ســـۆزان فەرەج) بێنـــە ژوورەوە، هەردووکیان بەدەنگ بانگەوازی پاســـەوانەکەی دادگا چـــوون و رێگەیان درا بچنـــە ژوورەوە،(هەڵکـــەوت) چونکە داواکار بوو لەلای راســـتی دادوەر و(ســـۆزان) یـــش لەلای چەپی راوەســـتا، دادوەرەکە رووی دەمی لە(هەڵکەوت)کرد و پێی گوت: گوێت لە وتەکانت بێ بۆت دەخوێنینەوە کە لەناو داواکەتدا نووسراوە ، ئینجا پرسیارت لێدەکەین:

لە داواکەشـــدا نووســـیووتە: من ماوەی سێ ساڵە هاوسەرم(سۆزان فەرەج) م، هێناوە و لەســـەرینی هاوسەرێتیمانەوە هیچ منداڵێکمان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگـــەڵ یەك ناگونجێین و ژیانمان تاڵە، بۆیـــە داوا لە دادگا دەکەم کە بڕیار دەربکات، بە جیابوونەوەمان لە یەکتر و کۆتایی هاتن بە ژیان و پەیوەندی هاوسەرێتیمان...
کە دادوەر ناوەڕۆکی داواکەی خوێندەوە داوای لە(هەڵکەوت)کرد کە هۆی نە گونجانیان باس بکات، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: گەورەم من و ئەو ئافرەتە سێ ساڵە هاوسەری یەکترین، لەم ماوەیەدا ژیانمان



زۆر ناخۆش و نا ئاسوودە بووە، ژنەکەم لەگەڵم ڕێك نەبووە، یا باشتر وایە بڵێم من خۆم لەگەڵی ڕێك و باش نەبووم، من کەسێکی توڕە و تۆسن بووم، هەمیشە جنێوم پێداوە و قسەی ناشیرین و ناڕێکم پێگوتووە، تکایە جەنابی دادوەر پێویست ناکات چیتری لەسەری بڕۆم، من و ئەو ژنە لەگەڵ یەك هەڵناکەین و تەواو.

پێویست بە لێکۆڵینەوە و لێپێچانەوە ناکات، خۆم بە ئارەزووی خۆم دەمەوێ کۆتایی بە پەیوەندی هاوسەرێتیمان بێنین، چی لەسەرمە دەیدەمێ و چیش لەسەر ئەوە بمداتێ و بڕایەوە ....

لێرەدا(سۆزان) خۆی پێنەگیراو یەکسەر بە قسەهات و قسەی مێردەکەی بڕی و گوتی: گەورەم ئەوەی ئەم پیاوە دەیڵێت هیچیان ڕاست نین، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵم خراپ نەبووە و تا ئێستا یەك جنێویشی پێنەداوم، بە پێچەوانەوە زۆریش ڕێزی لێگرتووم و زۆریش خۆشی ویستووم، نازانم بۆ ماڵ لە خۆی و لە منیش تێکدەدات...

کە(سۆزان) ئەو قسانەی کرد، دادوەر هەڵوەستەیەکی کردو و وردتر و قوڵتر سەرنجی خستە سەر ئەم داوایە و بڕیاریدا لە هۆیەکانی پشت داواکە بکۆڵێتەوە و بزانێ کابرای داواکار چ هۆکار و پاڵنەرێکی هەیە کە هەندێ شت لەسەرخۆی دەکاتە ماڵ و دژ بە خۆیەتی و ژنەکەشی ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و بەرگری لێدەکات.... دادوەر خەریکبوو دادبینیەکە دوابخات بۆ ڕۆژێکی تر، کابرای داواکار بە دادوەری گوت: ئەگەر بڕیار بە جیابوونەوەیان نەکات ئەوا لەبەردەم دادگا ژنەکەی سێ بەسێ تەڵاق دەدات ، بەڵام دادوەر داوای لێکرد سەبر بگرێت و پەلە لە بڕیاردان و هەڵوێستی نا بەرپرسیارانە نەکات و ئەو مەسەلەیە کاریگەری خراپی لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵێ.. پاشان داواکەی ڕەوانەی لای توێژەری کۆمەڵایەتی کرد بۆ ئەوەی هەوڵی زانینی هۆیەکانی ئەو کێشەیە بدات ، بڕیاردرا تا ئەو کاتی داواکە دوابخرێت..

**سۆزان قسەی مێردەکەی بڕی و گوتی: گەورەم ئەوەی پیاوەکەم دەیڵێت ڕاست نییە، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵم خراپ نەبووە و جنێویشی پێنەداوم، بەڵکو زۆری خۆشوویستووم، نازانم بۆ ماڵ لەخۆی و لە منیش تێکدەدات**

### ئاشکرابوونی هۆیەکانی ناکۆکییەکە و ئاکامی دواییی

کە لە هۆڵی دادگا هاتنە دەرەوە(سۆزان) لەگەڵ کەسوکاری چوونە گۆشەیەك و(سۆزان) بە باوکی گوت: بابە بێ سوودە لەگەڵ (هەڵکەوت) بڕیاری خۆی داوە و وازیش لە داواکەی ناهێنێ... تەنانەت خەریکبوو توڕەبێ و لەبەردەم دادوەر تەڵاقم بدات، بەڵام بەوەی باش بووکە دادوەرەکە هێمنی کردەوە و هەندێ قسەی لەگەڵ کرد و پەشیمانی کردەوە.

بەڵام وابزانم ئەوەندە سەبر ناگرێت تا دادگا دەگاتە بڕیاردان، بابە بێ سوودە لەگەڵ هەڵکەوت. باوکیشی هەندێك دڵنەوایی کرد و گوتی: کچم وام پێ باشە پارێزەرێك بگرین و ڕێنماییمان بکات باشترە...

ئەوەبوو چوونە لای پارێزەر(س) و مەسەلەکەیان بە وردی تێگەیاند، پارێزەرەکە لەبەر ئەوەی ئافرەت بوو، بۆیە داوای لە کەسوکاری(سۆزان) کرد کە بەجێیان بهێڵین و بە تەنیا هەندێ قسەی لەگەڵدا بکات، ئەوەبوو پارێزەرەکە پێی گوت: تۆ دەڵێی مێردەکەم لەگەڵم زۆر باش بووە، هیچ لێینەداوم و یەك قسەی ناشیرینیشی پێنەگوتووم، حەزیش ناکەی تەڵاقت بدات، پێم ناڵێی ئەو سووربوونەی مێردەکەت چییە؟ حەتمەن تۆ نهێنییەکەی دەزانی، جا تکام وایە مەسەلەکەم بە جوانی و بە تەواوەتی پێ بڵێی تا بتوانم هەوڵبدەم پیاوەکەت ڕازی بکەم و پەشیمانی بکەمەوە،(سۆزان) ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد، زۆر دوو دڵ بوو باسی مەسەلەکە بکات یان نە....، دوو دڵ بوو لەوەی کە ئایا دروستە نهێنیەکەی پێی بڵێ، بە پارێزەرەکەی گوت: بەمەرجێ پێت دەڵێم، باوکم پێی نەزانێ، ئەویش گوتی باشە، چووە بن گوێی و هەندێ شتی چرپاندە گوێی و دەمێك ڕاوەستا و دیسان بە چرپە هەندێ قسەی تری بۆ کرد و پارێزەرەکەش سەری بۆ دەلەقاند، ئیتر پارێزەرەکە زانی مەسەلە چییە و ئەو پیاوە بۆ وا دەکات، لەگەڵ(سۆزان) ڕێککەوتن هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتە گەڕ تا کابرا لە داواکەی پەشیمان بکاتەوە و ئەو ژن و مێردە بگەڕێنەوە باوەشی یەکتر، بەڵام هەندێ ڕێنمایشی دا کەلای توێژەری کۆمەڵایەتی چی بڵێ و چی نەڵێت.. ڕۆژی دادبینی دووەم دەستپێکرد، بەڵام پێش دادبینیەکە دادوەر ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی خوێندەوە کە تیایدا هاتبوو، کێشەی ئەو ژن و مێردە ناکۆکی و ناخۆشی نێوانیان نییە، بەڵکو کێشەیەکی تایبەتییە و لای پیاوەکەیە، بەڵام بێ ئەوەی ئێمە بەو شتە بگەین و بزانین چییە، چونکە کابرای داواکار بە هیچ شێوەیەك ئامادەنەبوو بیدرکێنێ، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەگەر دادگا هەوڵبدات هۆی هەڵوێستی داواکار بزانێ بەڵکو چاکیببنەوە ، چونکە وا پێدەچێ هەردووکیان یەکتریان خۆش بووێت، بەڵام پیاوەکە گرفتێکی دەروونی هەبێت... ئینجا دادبینیەکە دەستپێکرد، دادوەر بە وردی سەیری ڕووخساری کابرای دەکرد و و دیقەتی ڕووخساری دەدا بەڵکو بتوانێ لە شێوەی قسەکردن و گرژی و خاوی ماسوولکەکانی دەمووچاوی، ناخی بخوێنێتەوە و شتێك هەڵکرێنێ، پرسیاری لە کابرای داواکار(هەڵکەوت)کرد، کە ئەمجارە چی پێیە، ئەویش سوور بوو لەسەر داواکەی پێشتری و قسەکانی پێشتری دووبارە کردەوە، ئینجا نۆرەی پارێزەری(سۆزان) هات کە قسە بکات و داوای لە دادگا کرد کە بە تەنیا قسە لەگەڵ دادوەر بکات، دادوەر بڕیاری دا کە هەموان هۆڵەکە چۆڵ بکەن، دادوەر و پارێزەرەکە بە تەنیا مانەوە و پارێزەرەکە بە دادوەری گوت: جەنابی دادوەر بریکاردام حەز ناکات دەستبەرداری مێردی بێت کە لەم داوایەدا داواکارە، هەروەها داواکاریش بەخۆشی خۆی ئەم داوایەی بۆ دادگا بەرز نەکردۆتەوە بەڵکو کێشەکە گرفتێکی تایبەتی هەیە کە داوای جیابوونەوە دەکات، ڕاستییەکەی ئەوەیە نایەوێ زوڵم لە ژنەکەی کە بریکاردارمە بکات... بەڕاستی دەمەوێ هانا بۆ



لیژنەیەکی پزیشـــکی شـــارەزا ببەین ، بەڵام بێ ئەوەی داواکار کە پیاوەکەیە هەست بەشـــەرم و شورەیی بکات، چونکە ئەگەری زۆر هەیە بەهۆی پزیشکی شارەزای ئەو بوارە بتوانرێت چارەسەربکرێت و لەو گرێیە دەروونییە نەجاتی بدرێت، جا داوا دەکەم دادگای بەڕێز بە تەنیا و لە دانیشتنێکی تایبەتی و نهێنیدا داوا لە داواکار بکات کە پشـــکنینی بۆ بکرێت و هەوڵی چارەســـەری بدات پێش ئەوەی شیرازەی ژیانی هاوسەرێتی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، دادوەر قەناعەتی بە قســـەکانی پارێزەری (سۆزان) هات و بانگی (هەڵکەوت) کرا و پارێزەری (سۆزان) چووە دەرەوە و دادوەر و (هەڵکەوت) بەتەنیا مانەوە و پێی گوت: کوڕم تۆ لەســـەرەتایی تەمەنی لاوێتیت دای مرۆڤ کە کێشەیەکی تەندروستی هەبێ حەتمەن دەچێتە لای پزیشك ، ئەوە هیچ عەیبی تێدا نییەن خۆ زەمانی ئێســـتا زەمانی چاخی بەردین نییە هەموو شتێ هەر عەیب و عەیب و عەیب بێت.

من لە گرفتەکەی تۆ دەگەم و دەشزانم تۆ ژنەکەی خۆتت خۆش دەوێت و ناشتەوێ غەدری لێبکەی بۆیە داوای جیابوونەوە دەکەی، تاوەکـــو بۆخۆی مێردێکی تر بکاتەوە و تـــۆش لە ویژدان ئازاردان رزگارت بێت، من دڵنیام کە تۆ هیچ کێشەیەکی جەستەیت نییە، تۆ لە حاڵەتێکی دەروونی نیگەران دایت و لە بنەڕتدا کێشەیەکی وات نییە کە چارەسەر نەبێت، بۆیە من بۆ دڵنەوایت و دەرکەوتنی راستی قسەکانم رەوانەی لای لیژنەیەکی پسپۆڕت دەکەم و ئەگەر گوتیان نەخۆشی هەیە و پیاوێکی سروشتی نییە من ئەوەی داوات کردووە لـــە داوانامەکەت وەها بڕیار دەدەم، بـــەڵام ئەگەر لیژنەکە گوتی: کێشـــەیەکی وەهای نییە، یان کێشەکەی سادەیە و دەکرێ چارەسەر بکرێت و رایســـپارد کە بخرێتە ژێر چارەســـەرەوە ئەوســـا کە چاك بوویتەوە خۆت قازانج دەکەی کە ماڵت لەخۆت تێکنەدا و بە گوێی دادگات کرد...( هەڵکەوت) بە قۆڵی لە قسەکانی دادوەرەکە راما و سەد پرسیار لە مێشکی دروستبوو، ئایا خۆی بەزاری خۆی، رێك و رەوان راستەوخۆ نهێنییەکە ئاشکرا بکات،.. یان نە.. ؟

نەیدەزانی چ بڵێ ـ دادوەرەکە کە دیتی هەڵکەوت نوقمی بیرکردنەوە بـــووە، تۆزێك دەرفەتی پێدا باشـــتر بیربکاتەوە، ئینجا پرســـیاری لێکردەوە گوتی: ها کوڕم چیت گوت:؟

(هەڵکەوت) گوتی: جەنابی دادوەر چیت لێ بشارمەوە، ئەوەی بۆی چووی زۆر راســـتە، من بۆیە داوای جیابوونەوە لە ژنەکەم دەکەم بەڕاستی پێم ناخۆشە کە خۆم وەها دەبینم و ئەو ژنەشم وا داناوە و تا ئێســـتاش هیچی نەگوتووە رۆژێکیش چییە گلەیی و گازادنـــدەی نەکردووە نە لای من نە لای کەس و کاری، من لە وەتەی ژنم هێناوە تا ئێستاش بە زاوا نەبوویمە و نەمتوانییووە بە زاوابم، شەرمیشـــم کردووە بچمە لای پزیشك و خۆم بپشکنم، خێزانەکەشم هەمیشە دڵنەوایی کردووم و بەشتێکی لاوەکی داناوە و هیچ قسەیەکی واینەدەکرد کە ئازاری دەروونیم بدات و هەمیشە داوای ئارام گرتن و سەبری لێدەکردم، بەڵام بەڕاستی ئیتر لەوزەم نەما، لە دڵی خۆمدا گوتم باشترین رێگە چارەم ئەوەیە ئەو ژنەم ئازاد بکەم و خۆشـــم لەو دەردی بێ دەرمانەم رزگار بکەم، بۆیە داوای جیابوونەوەم بەرزکردەوە، بەڵام بەڕاستی قسەکانی جەنابت بووێـــری و جورئەتی دامێ کە خۆم بخەمـــە بەردەم لیژنەیەکی پزیشـــکی ، بەڵام داواکەم راناکێشـــمەوە تـــا ئەنجامی لیژنەی پشکنینەکە دەزانم، ئەگەر زانیم چاکدەبمەوە ئەوا واز لەم داوایەم دێنم، ئەگەر نا بەردەوام دەبم تا دادگا بڕیاری کۆتایی دەدات...

بەڵام داوات لێدەکەم جارێ کەس بەم مەسەلەیە نەزانێ.

## بڕیاری لیژنەی پشکنین

دوای ئـــەوەی بڕیـــاری رەوانەکردنـــی بۆ لیژنەی پزیشـــکی دەرچـــوو، رۆژوکاتی پشـــکنین دیاریکراو بێ ئەوەی کەســـێك لەلایەنەکانـــی داوا جگە لە (هەڵکەوت) و پارێزەری (ســـۆزان) پێـــی بزانن، (هەڵکەوت) لە رۆژی دیاریکـــراودا چووە لیژنەی پشـــکنین، دوای نزیکەی چارەگێك پشـــکنین و پرســـیارکردن لەلایەن پزیشکەکانەوە، گەیشـــتنە ئەو بڕیارەی کە (هەڵکەوت) بەهۆی ئەزموونێکی ناخۆشەوە کە لە هەرزەکاریدا تووشی بووە، دووچاری پەکەوتنی توانای سێکســـی بووە و هۆیەکەشی ئەو ئەزموونە دەروونییە.

پزیشکەکان رایانســـپارد کە (هەڵکەوت) بخرێتە ژێر چارەسەری دەروونییـــەوە، چونکە لە رووی جەســـتەییەوە هیچ گرفتێکی نییـــە، ئەوەبوو پێش ئەوەی وادەی دادبینـــی بێت، هەر رۆژی دواتر بڕیاری لیژنەکە چووە لای پزیشـــکێکی پسپۆڕ لەگەڵ چوار پێنج پزیشـــك دانیشتن بەهۆی چارەسەرییەوە (هەڵکەوت) هەســـتی کرد کە خەریکە زۆر ئاســـایی دەبێتەوە .. زانی ئیتر دەتوانـــێ کاری ژن و مێردایەتی بکات، بۆیە رۆژێك چووە لای پارێزەرەکەی (سۆزان) و پێی گوت من داواکەم دەکێشمەوە، چونکە حەز دەکەم لەگەڵ ژنەکەم پێك بێمەوە، پارێزەرەکەش پێشـــنیاری کرد لە نووســـینگەکەی ئەو یەکتر بوون، کە گەیشـــتنە یەکیش تۆزێك رازو گلەییەیـــان گۆڕییەوەو، دوای نزیکەی کاتژمێرێك دەســـتی ببینن و هەر لەوێش بڕیاری سەر لە نوێ چوونەوە ناو ژیانی هاوســـەرێتی بدات، ئەوەبوو ئـــەو رۆژەی کە بڕیار بوو یەکتربیبنن هەردوولا چوونە لای پارێزەرەکە و بەیەك گەیشـــتن، هـــەر وەك ئەو پارێزەرە پێمان دەڵێ: ئەو رۆژە هەردووکیان بە دڵ و دەروونێکی پڕ جۆش و خرۆشـــەوە تامـــەزرۆی دیتنی یەکتر بوون، کە گەیشـــتنە یەکیش تۆزێـــك رازاو گلییەیان گۆڕییەوە و، دوای نزیکەی کاتژمێرێك دەســـتی یەکدیان گرت و چوونەوە ماڵی خۆیان ئێســـتا وا ساڵانێکە ئەم کێشەیە کۆتایی پێهاتووە، دوای ســـاڵێك لە پێکهاتنەوەیان رۆژێکیان (سۆزان) هاتە لام و دووگیان بوو.

●●●

**هەڵکەوت بە قووڵی لە قسەکانی دادوەر راما و سەد پرسیار لە مێشکی دروست بوو، ئایا خۆی بەزاری خۆی و رێک و رەوان گرفتەکەی خۆی ئاشکرا بکات و بڵێ لەبەر ئەو هۆیە داوای جیابوونەوە دەکات**

●●●



# بۆچی لەن

## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

**عەقڵ و بیرکردنەوەی هەندێ لە پیاوانی کۆمەڵی ئێمە هێندە نامەنتیقەو بۆی ناکرێ رەش و سپی لێک جیابکاتەوە، زۆرجار تاوانبار و بێ تاوان، گوناهبار و مرۆڤی خاوێن وەک یەک تەماشا دەکات، (لەنجە) لەبری ئەوەی وەک کچێک هەوڵی ئاشکراکردنی گوناهێکی داوە رێزی لێبگیرێ، کەچی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ئەویش وەک تاوانبار سزا دەدرێ**

### دۆزینەوەی تەرمێک

نیوەڕۆیەکی ساردوو باراناوی بوو کابرایەکی(٤٥)ساڵی کە بەرێکەوت رێی بەو کۆڵانەدا کەوتبوو، لەگەڵ پێچ کردنەوەی، رەنگی سووری گۆماوە بچووکەکەی بەردەمی سەرنجی راکێشا و ساتێك وەستا و وردتر دیقەتیدا، ئەمجا لەسەرەخۆ و هیواشتر بەرەو گۆماوەکە چوو، سەری نەویتر کردەوە و بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆیشت کە خوێناوەکە رەنگە سوورەکەی تۆختر دەبوو، لەپڕ وەستا، بینی لە سووچی دیوارێکدا کچێکی(٢٠)ساڵەیی هەتا بڵێی جوان و شۆخ پشتی بە دیوارەکە داوە و ملیشی لار بۆتەوە، رێك وەك ئەوەی حەزی کردبێ لەبن ئەو دیوارە لە ژێر دڵۆپەی بارانی ئەو کاتە سەرخەوێك بشکێنێ، وەها کەوتبوو دەتگوت تازە خەوی لێکەوتووە.

کابرا تۆزێك لە کچە راما و ویستی بڵێ کچم ئەوە بۆ لێرە لەبەر ئەو بارانە خەوتووی هەموو لەشت تەڕ بووە، کەچی لەپڕ وەك بروسکە ژانێك بەنێو دڵی داهات و چاوی کردەوە یا راستترە بڵێین بەخۆداهاتەوە و چاوەکانی ئەبڵەق و زەق بوون، سەرنجی لە جل وشانیدا، دەستێکی درێژکرد و ویستی بزانێ خوێنەکە لە کوێی دێت، هەر زوو دەستی گەڕاندە دواوە و هەستی بە ترسێکی کوشتندە و یەکجار رەشبین کرد. تازە هاتبۆوە سەرهۆشی خۆی، ئەوجا زانی ئەو کچە مرۆڤێکە و کوژراوە و لێرە فڕێدراوە.


کچە هێشتا خوێنەکەی گەرمبوو، ئەوەندە خوێنەی لەلەشی مابوو، زۆر لەسەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕاو دەهاتە دەرەوە، کابرا بەڕاستی ترسی گەیشتێ خودایە چی بکەم، ئاخر ئەو کچە جوانەیان بۆ کوشتووە، کەسێك ئەوەندە مرۆڤ کوژ و بێویژدان و دڵڕەق بێت، کچە جوان و جاحێڵێکی وەها بکوژێ، حەتمەن ئێستا لە شوێنێك خۆی مات داوە و منیش دەبینێ، ئەوسا ئەگەر عەقڵی گرتی لەوانەیە گوللەیەك بنێ بەمنیشەوە هەتا زووە بابڕۆم... کابرا ئەو قسانەی لەدڵی خۆی کرد و چەند هەنگاوێك رۆیشت تۆزێك راوەستا، دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو مووەکانی لەشی رەپ بوون، دەمووچاوی گرژبوو هەناسەی توندتربوون و دڵی زیاتر لێیدەدا، گەڕایەوە دواوە و بە رقێکی زۆرەوە سەیری گۆماوە خوێنەکەی کردوو بڕیاری خۆیدا.

### ئاگادارکردنەوەی پۆلیس


کابرا مۆبایلەکەی گیرفانی دەرهێنا و زەنگی لێدا، دوای نزیکەی چارەگە سەعاتێك دووسێ ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە چەند پۆلیس و رێپێدراو و ئەفسەرێکەوە گەیشتنە شوێنەکە و کابرا چووە پێشەوە و خۆی پێناساندن و گوتی: ناوم خۆشەوییە، ئەم نیوەڕۆیە، کە هەمووی ٢٠خولەکێك دەبێ بێرەدا رەتبووم و بەرێکەوت ئەم تەرمەم لێرە بینی و زەنگم بۆ ئێوە لێدا.. قسەکانی خۆشەوی تۆمارکرا و دەستکرا بە پشکنینی شوێنی رووداوەکە و هەرچی لەوێ هەبوو هەمووی تۆمارکرا و پاشان تەرمەکە بردرایە پزیشکی دادی و لەوێ پشکێنرا، لە پشکنین دەرکەوت نزیکەی دوو کاتژمێرێك دەبێ کوژراوە، گوللەیەك لەملی دراوە، بۆڕی خوێن و ماسولکەکانی ملی هەڵزڕاندووە و دوو بڕبڕەی ملیشی شکاندووە، دەورووبەری کونی گوللەکە شوێنی باڕووت و سووتان هەیە ئەمەش نیشانیدەدات کە زۆر لە نزیکەوە گوللەکەی لێدراوە، دوای تەوابوونی پشکنینی پزیشکی راپۆرتەکە بە پەراوەکەی کە بۆی کرابۆوە بەسترا، لێکۆڵینەوەیەکی دوورووودرێژیش لەگەڵ (خۆشەوی) کرا، دەرەنجامی لێکۆڵینەوە دەریخست کە(خۆشەوی) تەنیا هەواڵدەری رووداوەکە بووە و بەس، هیچ پەیوەندییەکی بە تاوانەکەوە نییە دوای چەند رۆژێك لە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەرکەوت کە ئەو کچە پێشتر بە دوو رۆژ لە بنکەی چاکسازی نێوجەوانان بووە، هەر کە هاتۆتە دەرەوە رۆژی دوایی کوژراوە.

### لەنجە کێ بوو؟

کە پۆلیس بە ناوی بنکەکەدا رۆیشتەوە، دەرکەوت ناوی (لەنجە)یە و وێنەکەشی لە لیستەکە درابوو، هۆی مانەوەشی لەو بنکەیە تەنیا بۆ پارێزگاری لێکردنی بووە و هیچی تر، بەڵام چۆن هاتۆتە ئەو شوێنە؟ توێژەری کۆمەڵایەتی بنکەکە ئەم شێوەیە گێڕایەوە و گوتی: راستییەکەی برادەرانی پۆلیس لەسەر بڕیاری دادوەری تایبەتمەند (لەنجە)یان هێنایە ئێرە، (لەنجە) لەماڵی براکەی دەژیا، ماوەیەك بوو گومانی لەبراژنەکەی خۆی هەبوو کە دەستی لەگەڵ کوڕێك هەبوو، کاتێك(لەنجە) دەچووە پەیمانگا



# ـجه كوژرا؟



(چونكه قوتابی پەیمانگا)بوو، براژنەكەی ژوانی لەگەڵ كوڕەكە دادەنا، یەك دووجارێك (لەنجه) خۆی لە بۆسـەدابوو بۆی، ڕۆژێك بە براژنەكەی گوت: ئەمڕۆ زوو دەچمە پەیمانـگا چونكە تاقیكردنەوەمان هەیە دەچم لەوێ دەخوێنم تا كاتی تاقیكردنەوەم دێت، براژنەكەشی گووتی: باشە بڕۆ كە ڕۆیشت، لە سووچێكی كۆڵانەكەیان خۆی مەڵاس دەدا، دوای كەمێك كوڕێك بەدیار دەكەوێ كە پێنج شەش ساڵێك لە براژنەكەی بچووكتر دەبێت، یەكسەر خۆی بە ژووردا دەكات و براژنەكەشی دەرگای حەوشەكە دادەخات (لەنجه)ش بەخێرایـی دەڕوا و بەتووندی لـەدەرگا دەدات، پاش تۆزێك برژانەكـەی دەرگاكە دەكاتەوە، (لەنجـە) بەپرتاو خۆی بەژوور دادەكات و یەكـە بەیەكەی ژوورەكان دەگەڕێ دەبینێ كەسی لێنییە، بەهاواروقیژەوە بە براژنەكەی دەڵێ كوا ئەو كوڕەی هاتە ژوورەوە لەكوێت شـاردۆتەوە، براژنەكەشـی خۆی لێ نـەزان دەكات و بەتوڕەییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: كچێ جارێكی تر قسەی وا نەكەی، ئەوە ماڵەكە لە پێشتە بگەڕێ تا دەیدۆزییەوە، ئەگەر دۆزیتەوە حەیام ببە، ئەگەر نەتدۆزییەوە هەرچی خراپ بێت پێتی دەكەم، ئەم مشـتومڕە ماوەیەك دەكێشـێ و(لەنجه) لە دۆزینەوەی كوڕەكە بێئومێد دەبێت و پێی دەڵێ: دەزانم بەسـەربان بەڕێت كرد، بەس وەرە پێم بڵێ بۆ وادەكەی براكەم چ خراپییەكی بۆ تۆ هەیە..؟ ئەگەر پێی ناڕازی خۆ جارێ منداڵتان نەبووە، ئاسـاییە داوای تەڵاقی لێبكە و جیابەوە لێی بۆ خیانەتی لێدەكەی...(لەنجه) بەنیازبوو بە قسەی خۆش دانپیانانی لێوەربگرێت، هەر وەك خۆی بۆ ئێمەی باسـی كردووە قسەكانیشی لای ئێمە بەشێوەیەكی یاسـاییانە تۆماركراوە، بەهەرحاڵ وەك خۆی پێی گوتین: مەبەسـتم ئەوەبوو دان بە هەڵەكەی خۆی بنێ و ئینجا وای لێبكەم واز لەوكارە هەڵەیەی بێنێ، چونكە لەوانەیە سـەری تیابچێ و ئابڕووی ئێمەش بچێت، بەڵام قسـەكردن لەگەڵی بێسوود بوو، ئەو هەر سـوور بوو لەسـەر نكوڵی كردن لێی، ئەوەبوو منیش بڕیارمدا و گوتم: سـوێندبێت، كە من بە چاوی خۆم ئەو كوڕەم بینی، هەر دەبێ بەسـەر تاوانەوە بتگرم و لەدەمی خۆت دانپیانان ببیستم.

ئەو توێژەرە كۆمەڵایەتییە لەسـەر قسەكانی دەڕوا و دەڵێ: بەڕاستی (لەنجه) كچێكی تا بڵێی بەحەیا و بەئەدەب بوو، هەڵەی باوك و براكانی گەیاندییە ئێرە، ئەگەر كەللەرەقی و بێ عەقڵی و نەزانی باوك و براكانی نەبووایە، پۆلیس ناچار نەدەبوو ئەو كچە لێرە دابنێ بۆ پاراسـتنی، ئەوە تەنیـا هەفتەیەك لێرە مایەوە، بەڵام شـەو و ڕۆژ دەگریا و دەیناڵاند و دەیگوت: توخوا من شـوێنم ئێرەیـە، براژنەكەم تاوانی كردووە من چی بكەم... بەهەرحاڵ (لەنجه) سـووربوو كە كارە هەڵەكەی براژنەكەی بە بەڵگـەوە ببینێ، ئیتر چەند جارێكی تر خۆی لێ مەڵاس داوە، ڕۆژێك دەڵـێ دەچمە پەیمانـگا و بە براژنەكەی دەڵـێ دەرگاكە لەدوای من داخە، بەڵام كە دەڕوا كلیلی ژوورەوە لەگەڵ خۆی دەبات، لە شـوێنێك خۆی مەڵاس دەدات و دەبینێ هەمان شـتی جارانە، ئەمجارە دەچێتە ماڵی دراوسـێیەكەیان و دەڵێ كەسمان لەماڵ نییە و كلیلیشم لە ماڵەوە لەبیر كردووە بەسـەربانی ماڵی ئێوە دەچمە سەربانی خۆمان و دەرگای ماڵەوەمـان دەكەمەوە، ئەوانیش دەڵێن بڕۆ، لەسـەربان بەرمیلێك دێنێ و بەسـەری دەكەوێ تا بتوانێ بەسـەر دیوارەكەوە بكەوێ، بەهەرحاڵ بەهـەر زەحمەتێك بێت بەسـەردیوارەكە دەكەوێ و خۆی بۆ سـەربانی خۆیـان تێهەڵدەدا لەوێ بەهێواشـی و بەپارێز دێتە خـوارەوە و گوێی لەدەنگـە دەنگێكی نزم دەبێت كە هی هەردووكیان دەبێ، وردە وردە و بە نەرمی دێتە خوارەوە و لەدەنگەكە نزیك دەبێتەوە تا دەزانێ لەكام ژوورە، ژوورەكە نیوەی دەرگاكەی كرابۆوە، لەسـەرەخۆ سەری دەباتە پێشەوە و دەرگاكە بە ئاسـتەم لەسەرخۆ دەكاتەوە و لە سوچێكی كەمی دەرگاكە بەشێكی لەشی هەردووكیان دەبینێ كە رووتن، ئیتر دەزانێ كە ئەوان وا تێكئاڵاون و ئاگایان لەكەس نییە و پێكەوەن، ئەویش بڕیاری خۆی دەدا و لەپڕ وەكو بروسـكە دەرگاكە دەكاتەوەوە و رووبەڕووی هەردووكیان ڕەق رادەوستێ، سەیرێكی براژنەكەی دەكات و تفێكی رووبەڕووی لێدەكات و بەكوڕەكەش دەڵێ هەستە كوڕی ناپیاو هەتا بەكوشتنم نەداوی لەو ماڵە بـڕۆ دەرەوە و ون بە، كوڕە بەپەلە پەل جلوبەرگەكانی كۆ دەكاتەوە و لە دەرەوەی ژوورەكە لەبەری دەكات و بە براژنەكەشی دەڵێ: ها ڕەنگ زەرد و پەرێشان و بێ دەم و زار ماوی، بۆ قسەناكەی، بۆ نكوڵی ناكەی؟

پاشـان (لەنجه) بڕیـار دەدات بە براكەی بڵێ بـەڵام نایڵێ، هەر چۆنێك بێت چەند ڕۆژێك ئەو مەسەلەیە لەمێشكی دەخولێتەوە، ئینجا بڕیـار دەدات بە براكەی بڵێ، بـەڵام تا ئەو بە براكەی دەڵێ، براكەی بەخۆی گومانی لێدەكات و دواتر بەڵگە لەسەر ژنەكەی خۆی بەدەست دەكەوێ، براكەی و براكانی تری و باوكیشـی دێنە سەر ئەو بڕوایەی كە (لەنجه)ش لەگەڵ براژنەكەی دەسـتی تێكەڵە و ئەوكارانە دەكەن، هـەر چەند هـاوار دەكا و دەقیژێنێ كە ئەو چاكـە و تەنیا ژنەكەی ناپاكی لێكردووە و مەسەلەكەی زۆر گەورە بووە لەلای بۆیە نەیتوانیوە دەمودەسـت بڕیار بدات كاروكردەوەی براژنەكەی ئاشكرا بكات، هەموو ئەو قسـانە بێسوود دەبێ و بڕوای پێناكەن، ئیتر كە كۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن هەردووكیان بكوژن، دایكی بە مەسەلەكە دەزانێ و دراوسێیەكیان هەواڵ بۆ (لەنجه) دەنێرێ كـە بڕواتە بنكەی پۆلیس و خۆی دەرباز بكات و شـكایەت لە براكانی بكات كە بەبێ گوناه و تاوان دەیانەوێ بیكـوژن، كە(لەنجه) هەواڵەكەی پێـدەگات دەچێتە بنكەی پۆلیس، پۆلیسـیش لەسـەر بڕیاری دادوەر لە بنكەی چاكسازی دادەنێت بۆ پاراسـتنی، پاش ئـەوەی هەفتەیەك دەمێنێتەوە كە دێتـە دەرەوە بەو شێوەیە دەیكوژن كە زانرا، دیارە براژنەكەشیان كوشتووە، بكوژیش برای (لەنجه)یە و هەڵاتووە، ماڵی باوكیشـی هەموویان ماڵیان باركردووە و كەس نازانێ بۆ كوێ چوون.

●●●
**كچە هێشتا خوێنەكەی گەرم بوو، ئەوەندە خوێنەی لە لەشی مابوو زۆر لە سەرخۆ لە شوێنی گوللەكە دەچۆڕا و دەهاتە دەرەوە**
●●●

●●●
**دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەكە (لەنجه) لە بنكەی چاكسازی نەوجەوانان بوو، هەر كە هاتبووە دەرەوە ڕۆژی دواتر كوژرابوو**
●●●